# بەکارهێنانی ڕۆژنامە وەکو سەرچاوەیەك، بۆ لێکۆلینەوەی مێژوویی
## "توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە دەربارەی لایەنە پۆزەتیف و نێگەتیڤەکانی ڕۆژنامە لە توێژینەوەی مێژوویدا "

م.ی.هەرێم حسن احمد
زانکۆی ڕاپەرین
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو

**پێشەکی**

لەم سالانەی ڕابردودا ،دەربارەی بەکارهێنانی ڕۆژنامە ،وەکو سەرچاوەیەکی مێژوویی گفتوگۆیەکی فراوان، لە نێوان مێژووناسان و توێژەرانی بواری مێژوو دروستبووە،.بەشێك لە مێژوونوسان ،بە بەردەوامی جەخت لەوەدەکەنەوە، کە ڕۆژنامە کۆمەلێك خالی نەرێنی هە یە، بۆیە ناکرێت ،وەکو سەرچاوەیەکی مێژوویی پشتی پێ ببەسترێت. بەلام لە لایەکی ترەوە،بەشێکی تر لە توێژەران دژی ئەم ئەرگۆمێنتەن و پێ یان وایە، ڕۆژنامە، سەرچاوەیەکی بەنرخە و دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیکی گرنك وپر بایەخ بۆتوێژەرانی مێژوو، چونکە ڕۆژنامە زانیاریە گرنگەکانی(سیاسی-کۆمەلایەتی-سەربازی-) لە خۆگرتووە ،کە لە ڕابردودا رویانداوە. هەر بۆیە مێژوونوسان ،هە میشە لە هەولدان ،بۆ دۆزینەوەی زانیاریە گرنگەکان، لە ڕۆژنامە بروا پێکراوەکان ،بۆ سەلماندنی ئەرگۆمێنتەکانیان. زۆر لە توێژەران پێ یان وایە، کە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان ڕۆژناکەگەری و مێژوودا هەیە و هەردولا کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە و یەکتری تەواودەکەن. هەروەك(جۆن نیرۆن) لە لێکۆلینەوەکەی بەناوی(ڕۆژنامەگەری لە مەسەلە مێژووی یەکاندا)دا ،بڕوای وایە، کە ڕۆژنامەگەری،خۆی لە خۆیدا،کایەیەکی مێژووی یە[1].لەبەرئەوەی ئەرکی ڕۆژنامە، تۆمارکردنی ڕوداوەکانە ،بۆ نەوەکانی داهاتوو، کەمێژووش هەمان ئەرکی هەیە، کە هەلسەنگاندنی رای کشتی کۆمەلگاو لایەنەجیاوازەکان ،دەربارەی مەسەلەیەکی دیاریکراو دەستنیشان دەکات. هەرچەندە مێژوونوسان، بۆچونی جیاوازو دژبەیەکیان هەیە،دەربارەی بەکارهێنانی ڕۆژنامە، وەکو سەرچاوەیەکی مێژوویی،بەلام هەموویان لەسەر ئەوەکۆکن ،کە ڕۆژنامە گرنگیەکی تایبەتی هەیە،لە لە خۆگرتنی زانیاری دەربارەی گۆڕانکاریە ،سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریەکانی کۆمەلگا[2].

---

[1] الصحافة أول مسودة للتاريخ، جراسا،١-٤-٢٠١٧،http://www.gerasanews.com/print/١٢٩٥٦٤.

[2] محمد جمعة عبدالهادي موسى،الصحافة مصدر من مصادر دراسة التاريخ،الجزيرة،١٢-٢-٢٠١٧،-http://www.al-jazirah.com/٢٠١٥/٢٠١٥١٠٠٤/ar١.htm.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگــی ئــەم توێژینــەوە لەوەدایە،کەئاشــنامان دەکات،بــە ناســینی لایەنــە پــۆزەتیف ونێگەتیڤــەکانی ڕۆژنامــە،کاتێك وەکــو سەرچــاوەیەکی مێــژوویی بــەکاردێت،وە بەچــەندین ئــەرگۆمێنت و نمونــەی زیندوو،بــەراوردی هــەردوو لایەنەکــە دەکــات ،لایەنــە باشــەکانی ڕۆژنامــە ڕون دەکاتــەوەو هــەروەها توێــژەری مێــژوویی ،لــە خەوشــەکانی ڕۆژنامــە هۆشــیاردەکاتەوە. لەهەموشــی گرنگتر،ئــەم توێژینەوەیە،هــەوڵ دەدات،توێــژەری مێــژویی ،لــە گرنگــی بــەکارهێنانی رۆژنامــە بــێ ئاگــا نەبێت،بــەڵام ئــەرگۆمێنت ونمونــەکانی ئــەم لێکۆڵینەوەیــە،، ڕ یگاکــانی بــەردەم مێژوونوســان ڕونــاك دەکاتــەوە،تاوەکو توشی هەڵەی جەوهەری نەبن،کاتێك ڕۆژنامە بەکاردەهێنن.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامــانجی ئــەم تویژینەوەیە،نیشــاندنی،گرنگترین خەوشــەکانی بــەکارهێنانی ڕۆژنامەیــە، وەکــو سەرچــاوەیەکی میــژوویی، بەتایبــەتی لــەکاتی جەنگەکاندا،بۆیــە ئــەم توێژینەوەیــە، ئامــانجی ئەوەیــە کــە بــە شــێوەیەکی رەخنەیی،هــەموو ئــەم خەوشــانەی ڕۆژنامــە نیشــان بــدات ،کــە لــە کــاتی جەنگەکانــدا ،ڕۆژنامــەنوس توشــی دەبێــت و ئەمــەش وادەکــات، کــە توێــژەری میــژوویی، توشــی هەڵــەی بابــەتی وجەوهــەری بکــات. لــەم توێژینەوەیــەدا نمونــەی چــەند جــەنگێك وەرگیراوە،بــە تایبــەتی جەنگــەکانی یەکــەم و دووەمــی جیهــانی و جەنگــەکانی ئــەمریکا بۆســەر هەریــەك لــە ئەفغانســتان و عــیراق. هــەروەها خاڵــە پۆزەتیڤــەکانی ڕۆژنامــە .بــۆ توێــژەرانی مێــژوو ، بایــەخی زانیاریــەکانی ڕۆژنامــە لــە کــاتی نوســینی توێژینەوەیەکی مێژوویی ڕونکراوەتەوە.

**گرفتــی توێژینەوەکــە:** ســەرەکیترین گرفتــەکانی بــەردەم ئــەم توێژینەوەیــە، هــەژاری کتێبخانــەی کــوردی یــە، دەربــارەی بابەتــە پەیوەندیــدارەکان ،بــە ڕێبــازی لێکۆڵینــەوەی مێــژوویی بــە گشــتی وبــەکارهێنانی ڕۆژنامــە بــە تایبــەتی، هــەروەها پێشــتر توێــژەرانی بــواری مێــژوو،ئاوریکی ئــەوتۆیان لەوجۆرە بابەتانە نەداوەتەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لــەم توێژینەوەیــەدا ، هــەردوو میتــۆدی بــەراواردکاری و شــیکاری بەکارهاتووە.بــەوەی بــەاروردی هەردولایەنــە پــۆزەتیف و نیگەتیڤــەکانی بــەکارهێنانی رۆژنامــەی کــردووە، لــە لێکۆڵینــەوە میژووییەکانــدا، هــەروەها شــیکردنەوەی بۆکۆمــەڵێك ڕوداوی مێــژووی کــردووە ،کــە لــە ڕۆژنامەکانــدا باســکراون،وەکو سەرچاوەیەکی مێژوویی.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئــەم توێژینەوەیــە، لــە پێشــەکی و دەروازەو، ودوو باســی ســەرەکی پێکهــاتووە، لــە دەروازەو پێشــەکیدا،باس لــە بــەکارهێنانی ڕۆژنامــە کــراوە، وەکوسەرچــاوەیەکی مێــژوویی،کاتێك توێــژەرانی مێــژوو.وەکو سەرچــاوەیەکی بنــەڕەتی پشــتی پێدەبەســتن، وەنمونــەی چــەند جــەنگێك وەرگــیراوە. هەرچــی

باسی یەکەمە،باسی لایەنە نێگەتیڤەکانی رۆژنامە کراوە ،وەکو سەرچاوەیەکی مێژوویی لە گەڵ هەموو ئەو کەوموکوڕیانەی ،لە بونیادی ڕۆژنامەدا هەیە، سەرەڕای هەموو ئەوکێشەوگرفتانەی، کە توێژەری میژوویی، لە ئاکامی بەکارهێنانی ڕۆژنامە، ڕوبەڕوی دەبێتەوە. باسی دووەم،تەرخانکراوە بۆباسکردنی لایەنە ئەرێنیەکانی، بەکارهێنانی ڕۆژنامە ،وەکو سەرچاوەیەکی مێژوویی،دواتر بە چەند ئەرگۆمێنت ونمونەی زیندوو، پاڵپشتی بەکارهێنانی ڕۆژنامە کراوە،کە توێژەرانی مێژوو زۆر پێویستیان بە بەکارهێنانی ڕۆژنامەیە و بایەخ و سودەکانی ڕۆژنامەوەکو سەرچاوەیەکی بنەڕەتی، بۆ توێژەرانی مێژوو ڕونکراوەتەوە.

## دەروازە:

گومانی تێدا نیە،کە ڕۆژنامە بە یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی وەرگرتنی زانیاری دادەنرێت،کە گۆرانکاریەکانی کۆمەڵگا ،رۆژانە بە شێوەیەکی دینامیکی تۆماردەکات.هەربۆیە، بە یەکێك لە کاریگەرترین سەرچاوە بنەڕەتیەکان دادەنرێت, لە لێکۆڵینەوە مێژوویەکاندا. لەبەرئەوەی رۆژنامە رۆژانە بەدواداچون بۆ گۆرانکاریە سیاسی و ئابوۆی و کۆمەلایەتیەکان دەکات،بۆیە لەو ولاتانەی کە بزاڤی رۆژنامەگەری دواکەوتون،ئەوا مێژوو لە سەرچاوەیەکی بە نرخی زانیاری بێبەش بووە.هەروەك(پۆل جۆنسۆن مارس) دەلێت"ئامانجی ڕۆژنامەو میژوو یەك شتن کە زانیاری و مەعریفە بۆ خوێنەر دەگوازنەوەو شیکردنەوە بۆ ڕوداوەکان دەکەن"[٣].گرنگی ڕۆژنامە بۆ توێژەری مێژوویی،بەتایبەتی لەکاتی جەنگەکاندا دەردەکەوێت،کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ،ڕۆژنامەنوسان، ڕومالی جەنگەکانیان دەکەن و رواداوەکان وپێش هەرسەرچاوەیەکی تری میژوویی تۆماردەکەن..شتێکی بەلگەنەویستە،کەجەنگەکان بەشێکی گرنگیان لە ژیانی مرۆڤایەتی ولاپەڕەکانی مێژوو داگیرکردووە.ئەگەر لەچاخەدێرینەکان،نوسینەوەی ڕوداوی جەنگەکان کارێکی ئەستەم بوبێت،بەهۆی نەبونی یان سادەیی ئامرازەکانی نوسین وچاپەمەنی،ئەوا لە ئێستای سەردەمی جیهانگیریدا، هەواڵ و ڕوداوەکان زۆر بەئاسانی وخێرایی دەگەنە خەڵك.بەتایبەتی لەرۆژگاری ئەمرۆدا،ڕۆژنامە بە یەکێك لە گرنگترین هۆکاری گەیاندن دادەنرێت،بۆ گواستنەوەی ڕوداوەکان بۆ هاوڵاتیان.

## باسی یەکەم-لایەنە نێگەتیڤەکانی ڕۆژنامە، وەکوسەرچاوەیەکی مێژوویی:

دەربارەی خاڵە لاوازەکانی بەکارهێنانی ڕۆژنامە، سنورداریەتی لە ئازادی ڕۆژنامەنوسان و وسانسۆر، یەکیکە لە خاڵە لاوازەکان،کە بە یەکێك لە سەرەکیترین .خاڵە لاوازەکانی ڕۆژنامە دادەنرێت، کە زۆر لە توێژەرانی، دژی بەکارهێنانی رۆژنامە، جەختیان لێکردۆتەوە.ئەم سنورداریەتیە ،لە لایەن دوو لایەنەوە سنوردار دەکرێت کە یەکێکیان دەسەڵاتە،ئەوەی تریش خاوەنی

[٣] .حسین مجدوبي، الصحافة والتأريخ، الف پۆست،٢١-٣-٢٠١٧،www.Alfpost.com

ڕۆژنامەکەیە[٤]. بەوەی ڕۆژنامەنوسان و نوسەران، فشاری دەسەلات و خاوەنی ڕۆژنامەکەیان لە سەرەو دە بێت، بەرلە بلاوکردنەوەی بابەتەکان، ئەو دوولایەنە ئاگاداربن ،یان لەو یاساو ڕێسایانە دەرنەچن، کە ئەم دوولایەنە بریاریاری لەسەر دەدەن. هەروەها بەرێوەبەری ڕۆژنامەکە ،دەتوانیت ئایدۆلۆیای خۆی بسەپێنێت و بابەتەکانی رۆژنامەکە ،لە بەرژوەندی خۆی بەکاربهێنێت. لە لایەکی ترەوە ،دە سەلات رۆژنامەکە بە ناوی بەرپرسیاریەتی گشتی و پاراستنی، مافی گشتی سنورێك بۆئازادی نوسەرو رۆژنامەکە دەکێشێت[٥]. ئەمەش وادەکات،نوسەران نە توانن پەیامەکەیان بگەیەنن و راستیە مێژوویەکان بزردەبن.

لەبەر ئەوە ،بەلگە نەویستە، کە سانسۆر ورێگریەکانی حکومەتەکان ،بەکاریگەرترو ترسناکتر هەژماردەکرێت لەکەمکردنەوەی ئازادیەکان. ئەم دیاردەیە ، بە ئە ئاشکرایی لە ولاتانی ئەوروپی رویدا ،لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی و دوای جەنگەکە،کەلەوکاتە رۆژنامە زیاتر بەربلاوبو، لە ناو خەلك ، وەکوسەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری، سودی لێ وەردەگیرا، دەربارەی دەسکەوتنی زانیاری دەربارەی ئەنجامەکانی جەنگ. بۆیە ئەوکاتە، دەولەتەکان ناچاربون ، فشاری زیاتر بخەنە سەر رۆژنامەکان، بەوەی سیاسەتی ڕۆژنامەکان بخەنەژێر، کۆنترۆلی خۆیان و یاسای توند دەربکەن، دژی ئەونوسەرو فەرماندە سەربازیانەی، کە زانیاریە نهێنیەکانی جەنگ، بلاودەکەنەوە، بە پاساوی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری ولات. هەربۆیە لە ئۆگەستی ١٩١٤، گەلالەنامەیەکی نهێنی ،درایە زۆربەی ڕۆژنامەکان، دەربارەی پرەنسیپەکانی، بلاوکردنەوەی ڕاپۆرتی سەربازی و ئاگادارکردنەوەیان لە ئەگەری ڕودانی، هەرسەرپێچیەك و بە بەرپرسدانانی ڕۆژنامەکە، لە دەرچون لە رێساکانی حکومەت[٦].

بۆنمونە، کاتێك جەنگی دووەمی جیهانی، سەریهەلدا، لە چەندین ولات، دەزگای تایبەت دروستکرا بۆ چاودێریکردنی ڕۆژنامەکان.هەروەك لە بەریتانیا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و زانیاریەکان، دەزگایەکی چاودێری، لەسەر ڕۆژنامەکانی بەریتانیا دروستکرد، تاوەکو لە کاتی جەنگدا بابەتەکانیان، دژی بەرژوەندیەکانی، دەولەت نە بن و زانیاری نهێنی جەنگی بلاونەکەوە، کە زیانی بۆ بەریتانیا هەبێت. وەئەگەر هەر رۆژنامەیەك، لە رێساکان لابدا،ئەوە چارەنوسی وەکو ڕۆژنامەی(دەیلی ورکە) دە بێت، کاتێك لە لەمانگی جەنیوەری سالی١٩٤١داخرا[٧].

---

[٤] University of Richmond، , accessed ٠٣/٠١/٢٠١٣http://dlxs.richmond.edu/d/ddr/docs/papers/usesofnewspapers .

[٥] Lacey, Coin and Longman, David . The Press as Public educator of understanding cultures of ignorance. Luton, ١٩٩٧,p٢٣.

[٦] Welch, David.Germany propaganda and total war ١٩١٤-١٩١٨.London,٢٠٠٠،p٣٠-٣١.

[٧] Kevin, Williams, *Read All about it: A history of British Newspaper*. London, ٢٠١٠,p٢١.

خەوشـێکی تـری ڕۆژنامە،لایـەنگیری و شـاردنەوەی ڕاسـتیەکانە، کـە بریتیـی یـە لـە پشـتگیریکردنی لایـەنێك و فەرامۆشـکردنی ڕۆڵی لایـەنی بەرامبـەر و شـاردنەوەی ڕاسـتیەکان،ڕۆژنامەکان وادەکـەن ڕاسـتگۆیی و دادپـەروەری لـە دەسـت بـدەن، بـە تایبـەتی لـەکاتی جەنگەکاندا،کـە تـەنها سـەرکەوتنەکانی لایـەنێك نیشـان دەدەن و چـاو لـە شکسـتەکانیان دەپۆشـن لەسـەر حیسـابی لایـەنی دژ. بۆنمونـە لـەکاتی شـەڕی نێـوان سـوپای ڕوسـیا و چیچـان، لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی بیسـت،ڕۆژنامەکانی ڕوسـیا، باسـیان لـەوەکردبو، کـە سـوپای ڕوسـیا بـە تـەواوی گرۆزنـی پایتـەختی چیچـانیان وێرانکـردوە. لەکاتێکـدا ئـەو هەواڵە ڕاست نەبوو ڕێژەیەکی زۆر لە سەربازانی ڕوسیا کوژرابون[٨].

سـەرەڕای ئـەوەش، زۆرجار،خـاوەنی ڕۆژنامـەکان ، سـەربە حیزبێکـی سیاسـی یـان دامەزراوەیـەکی بازرگـانی یـان ئایدۆژیایـەکی دیاریگراون.بۆنمونـە لـە سـەرەتای سـەدەی ١٩ و لـە ململانـێ ی، پارتـە سیاسـیەکانی ئـەوروپا، ڕۆژنامـەکان لایـەنگیری پارتـەکانیان دەکـردو هێرشـیان دەکـردە سـەر، پـارتی دژ.ئەمـەش وادەکـا، توێـژەری مێـژوویی و خوێنـەر، زانیـاری دروسـت و بڕواپێکـراوی دەسـت نەکـەوێت. نمونەیـەکی تـری لایـەنگیری، میـدیای ئـەمریکی بـوو، لـە جـەنگی عێـراق، کەهـەموو زانیاریـەکانی بۆبەرژوەنـدی ولاتەکـەی دەگواسـتەوە[٩]. بەتایبـەتی ئـەو لایـەنگیری یـە، لـە ڕۆژنامـە حیزبیەکانـدا ڕەنگیداوەتـەوە، کـە لەلایـەن سـەرکردەکانی حیزبەکانەوە،ڕۆژنامـەکان، وەکوئۆرگـانێکی حیزبـی سـەیردەکرێن،ئەمە جگـە لـەوەی لەلایـەن بەرپرسـانی حیزبەکانـەوە، چـاوێری دەکـرێن و زانیاریـان پـێ دەدرێت. تەنانەت لە زۆرینەی ڕۆژنامە حیزبیەکان ناوی حیزبێکی دیاریکراو نوسراوە[١٠].

هۆکـاری لایـەنگیری لـە ڕۆژنامـەدا، بـۆ سروشـتی خـودی ڕۆژنامـە دەگەڕێتـەوە، کە(لایـەنگیری-لێکدانـەوەی کەسـی-) تێـدا زاڵـە، بـۆ لیکدانـەوەی ڕوداوەکـان،ب وێـە مێژوونوسـان دەکەونـە ئـەرکێکی زەحمەتـەوە ،بـۆ هەلبـژاردنی ڕاسـترین و بڕواپێکراوترینیـان[١١]. هـەروەها زۆرجـار ڕۆژنامەنوسـان، لەلایـەن حکومەتەکانـەوە بـەکاردەهێنرێن . بۆنمونـە ئـەمریکا لـەکاتی جەنگەکاندا،ڕۆژنامونوسـان دەگوازێتـەوە ،بۆبـەرەکانی جـەنگ و بـۆ بەرژوەنـدی خـۆی بـەکاریان دەهێنێـت. لەبەرئـەوەی پێشـتر ئینتیمایـان دەزانێت،بۆیـە لـە شـوێنی هەسـتیاریان دادەنێـت. ئەمـەش وادەکـات کاتێـك ڕوداوەکـان رومـاڵ دەکەن،شـتێکی بەلگەنەویسـتە،ڕوداوەکان لەبەرژوەنـدی ئـەمریکا دەگوازنـەوە. تەنانـەت وەکـو سـیخوریش هەنـدیکجار ڕۆژنامەنوسـان، تێـوەدەگلێن ، لـە کـاتی جەنگەکانـدا، هـەروەك ڕۆژنامەونوسـان لەلایـەن وڵاتـانی دژ بـە ئـازادی ودیکاتۆرەکانـەوە، بـەکاردەهێنرین، وەکـو سـیخوڕ، کاریـان پێدەکـەن بـۆ

---

[٨] Cape, Jonathan. Tell me no lies : investigative journalism and its triumphs ,edited. John Pilger .London , ٢٠٠٤,p١٤٠.

[٩] الصحافه فی الحروب،المختاری،٢٠-٣-٢٠١٧،http://mokhtari.over-blog.org/article-٤٢٣٣٥٠٠٧.html.

[١٠] نەوزاد عەلی ئەحمەد،ڕۆژنامەو جەنگ،بێ ناوی چاپخانە،سلێمانی،ل ١٣.

[١١] Louise Secker, Jane.'*Newspapers and historical research: a study of historians and custodiansinWales'* Unpublished PhD thesis,University of Wales (١٩٩٩).accessed at http://cadair.aber.ac.uk/dspace/handle/٢١٦٠/٣٥٣٤?show=full .p,١٧.

کۆکردنـەوەی زانیاری،یـان پارەیـان پێـدەدریت بـۆ فرۆشـتنی زانیاریـەکان، یـان دەسـکاریکردنی زانیاریـەکان بۆ بەرژەوندی لایەنێك[١٢].

پڕوپاگەنـدەو زانیـاری ناراسـت، یـەکێکی تـرە، لـە خاڵـە نێگەتیڤـەکانی بـەکارهێنانی ڕۆژنامـە. ئـەم خاڵـە زیـاتر، لـە ڕۆژنامـە حیزبیەکانـدا، خـۆی دەبینێتەوە،کـە پشـتیگری حیزبـەکانیان دەکـەن و نـاتوانن ڕەخنـە لـە سیاسـەتی حیـزب و سـەرکردەکانیان بگرن.زیـاتر لـەوەش، پڕوپاگەنـدەو زانیـاری ناراسـت، بـۆ بەرژەونـــدی یـــە تایبەتیـــەکانی حیزبـــەکانیان، بڵاودەکەنـــەوە. بۆنمونـــە لـــە بـــەریتانیا،(دەیلی تەلەگراف)نوێنـەرایتی، پـارتی پارێزگـاران و (دەیلـی نیوس)نوێنەرایـەتی پـارتی لیـبرالی دەکـرد[١٣]. کـە ئەمـــەش راســـتگۆیی و متمانـــەیی ڕۆژنامـــە دەخاتـــە ژێـــر پرســـیارەوە. نمونەیـــەکی تـــری زینـــدووی پڕوپاگەنـدە، کـە لـە هـەمویان کاریگـەرتربو، پروپاگەنـدەی، ڕۆژنامـەکانی سـەردەمی لیـنین و سـتالین، لـە یـەکێتی سـۆڤیەت و پڕوپاگەنـدەی ڕۆژنامـەکانی ئـەڵمانیا بـو، لـە سـەردەمی ئـەدۆلف هیتلـەر. کـە ئـەم جـۆرە ڕۆژنامانـە. ببونـە سەرچـاوەیەکی سـەرەکی بڵاوکردنـەوی ئایدۆلۆژیـەکانی ئـەو دوو دەسـەلاتە لـە سەرانسـەری جیهـان. بەتایبـەت لـە سەردەمی(سـتالین)،بەهۆی ئـەوەی تـەواوی هۆکارەکـانی ڕاگەیانـدن لـە لایـەن دەوڵەتـەوە قۆرخکرابون،بۆیـە ڕۆژنامـەش، وەکـو ئامێریـك، بـۆ خزمـەتکردنی دەسـەڵات و سەرکردەکان بەکاردەهات[١٤].

زۆرجـار ڕۆژنامەنوسـان، نـەك تـەنها مێژوونوسـان بەهەڵـەدا دەبـەن لـە پێـدانی زانیـاری ناراسـت،تەنانەت زۆرجـار پروپاگەنـدەکانیان دژی لایـەنێك یـان ولاتێـك، ڕای گشـتی وڵـت و سـەرۆك وسـەرکردەکانیش. ئاراسـتە دەکـەن بـۆ تێـوەگلان لەجەنگ.بۆنمونـە، ڕۆژنامـەکانی بەریتانیا،سەرپەرشـتی پرۆسـەیەکی پڕوپاگەنـدەی گـەورەیان کـرد ،بۆسـەر ئـەڵمانیا و هـانی وڵاتەکەیانـدا ،کە جەنگ بەرپابکات، دژی ئەڵمانیا، کە ئەوکاتە،ئەو ڕۆژنامانە،بە بەدژە ئەلمانی ناسران[١٥].

ناتـەواوی زانیاریـەکا ن و وردنـەبون لـە باسـکردی ڕوداوەکان،یـەکێکی تـرە لـە گرفتـە سـەرەکیەکانی ڕۆژنامەیـە، هـەروەك، ڕەخنـەی زۆر لەسـەر، ڕۆژنامـە و ڕۆژنامەنوسـان هـە یـە، دەربـارەی بڵاوکردنـەوەی زانیـاری هـە ڵە و ناتـەواو. بـە تایبـەت، لـە گواسـتنەوەی هەواڵـەکانیان، زانیـاری چـەوت و نادروسـت دەدەنـە خوێنـەر، دەربـارەی ڕوداوێـك کـە هەریەکـەیان لێکدانـەوەی بـە جۆرێـك بـۆ دەکـەن بـە پـێ ی، بەرژەونـدی خۆیـان، کـە زۆر قورسـە مێژوونوسـان بتـوانن ڕاسـترینیان جیابکەنـەوەو لـە لێکۆڵینـەوەکانیان

---

[١٢] **نەوزاد عەلی ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧-٥٨.**

[١٣] Seymour ,Coin.The Political impact of mass media.London,١٩٧٤.p١٦٢.

[١٤] Gorman ,Lyn, and Mclean , David. *Media and Society in the Twentieth century (A historical introduction).*United States , ٢٠٠٣.p٨٤-٨٥.

[١٥] Ibid,p١٥.

بـــەکاریبهێنن[١٦]..هەرچـــەندە بەشـــێك لـــە مێژوونوســـان، پـــێ یـــان وایە،ئـــەو جۆراوجۆریەتـــەی بـــیرورا لـــە لیکدانـــەوە بـــۆ ڕوداوەکـــان، کـــە لـــە رۆژنامەکانـــدا رەنگیداوەتەوە،دەبێتـــە خـــاڵێکی پـــۆزەتیڤ، بـــۆ مێژوونوسان،چـونکە لیکۆڵـەرانی بـواری میـژوو، ناچـاردەبن سـەیری چـەند ڕۆژنامـەو بیروڕایـەکی جیـاواز بکەن،کـە ئەمـەش دەبێتـە هـۆی فراوانکردنـی ئاسـتی مـەعریفی لێکۆڵـەرەوان و هەڵبـژاردنی باشـترین بیرورا[١٧].

لەلایـەکی تـرەوە، ڕۆژنامـەکان، لـە کـاتی بڵاوکردنـەوەی هەواڵەکانیانـدا، زیـاتر مەبەسـتیانە تـەنها خاڵـە سـەرەکیەکان و سـەردێری هـەواڵ و رووداوەکـان بگەیەنن،کـەمتر خۆیـان لـە شـیکردنەوەو لێکدانـەوەی هەواڵـەکان دەدەن.بۆیـە زۆرجـار توشـی هەڵـەی گـەورە وشـەرمەزاری دەبنـەوە. بۆنمونـە لـە سـەرەتای نەوەدەکانـدا (Daily Mirror) کاتێـك باسـی کۆچـی دوایـی (Robert Maxwell) کردبـوو لـە بەشـی سـەرەوەی لاپـەڕەی یەکـەمی رۆژنامەکـە و، وەکویـەکێك لـە پـارێزەرانی بەشـی دارایـی رۆژنامەکـەی دانـابو، لـە کـاتی کارکردنیـدا و بـە باشـی ڕۆڵی نیشـاندرابو،بەڵام دوو هەفتـە دواتـر، لـە هـەمان لاپـەڕە و شوێن نوسرابو، کە ئەوکەسە (١ملیۆن پاوەند)ی لە بەشی دارایی ڕۆژنامەکە دزیوە[١٨].

زیـادەڕەوی و گـەورەکردنی ڕوداوەکـان لـە قـەبارەی خـۆی، خـاڵێکی تـری کەموکوریـەکانی ڕۆژنامەیـە، بـە تایبـەتی لـەکاتی جەنگەکانـدا،کاتێك ڕۆژنامەیـەکو دە یـەوێت. ڕاسـتیەکان بگۆڕێـت بـۆ مەبەسـتی تایبەت.بۆنمونـە ڕۆژنامـەی (دەیلـی تەلـەگراف) ،لـە سـاڵی ١٩٩١، کاتێـك باسـی لـە توانـا سـەربازیەکانی سـوپای عێـراق کرد،کـە توانـای جوڵانـدنی ٢٥٠٠٠ سـەربازی هـە یـە، بـۆ گۆڕەپـانی شـەڕ دژی ئەمریکا،هـەروەها رۆژنامـەکانی بـەریتانیاو فەرەنسـا باسـیان لـە ئەگـەری بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـایی کرد لە لایەن سوپای عێراق لە کاتی شەڕدا[١٩].

یـەکێکیتر لەوهۆکارانـەی، کـە مێژوونوسـانی دودڵ کـردووە، لـە بـەکارهێنانی ڕۆژنامـە، لـە تویژینـەوە مێژوویەکان.بـەهۆی لـەخۆگرتنی، ئـەو هـە مـوو ڕیکلامـە یـە، بـۆ سـەرنج ڕاکێشـانی بەکارهێنـەران و هەوڵـدان، بـۆ سـەرنج راکێشـانی کڕیـاران، بـۆ کڕینـی بەرهەمەکانیان.ئەمـەش وادەکـات ڕۆژنامـە تـەنها مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی پـارە و قـازانج بێـت و ئامانجـە ڕاسـتەقینەکەی خـۆی، کـە گەیانـدنی ڕاسـتیە فـەرامۆش بکـات[٢٠]. بـە بازرگـانیبونی ڕۆژنامـەو زیـادەڕوی ،لـە ڕیکلامـە بازرگانیەکاندا،دیاردەیـەك بـو ،کـە ڕەگ وریشـە،لە سـەرەتای هەشـتاکان، پـەرەی سـەند،کە ڕۆڵی ڕۆژنامـە وخـاوەن رۆژنامـەکان گۆڕانکـاری

[١٦] Kevin, Williams,previos source,p١٠.

[١٧] ,Lacey, Coin and Longman David,previous source,p١٨.

[١٨] Cape, Jonathan,previous source,p٢٠.

[١٩] Stewart, Ian and Caruthers and Susan L. War, culture, and the medi representations of the military in ٢٠th century Britain. Fairleigh Dickinson University Press, ١٩٩٦ ,p١٣٤.

[٢٠] Richardson, John E. *Analysing newspapers: An approach from critical discourse analysis.* New York , ٢٠٠٧,p٧٧.

تەواوی بەسەرداهات ،كە زیاتر جەخت كردنەوەبو لەسەر مەسەلە ئابوری و بازرگانیەكان و فەرامۆشكردنی بابەتە سیاسیەكان. ئامانجی سەرەكیشیان بریتی بو لە بەدەستهێنانی قازانج، لە بری گەیاندنی راستیەكان[21].

سەختی بەكارهێنانی ڕۆژنامە، لە لێكۆڵینەوە مێژوویەكاندا، بە بەراورد، لەگەڵ سەرچاوەكانی تر،كە ئارامی و كاتێكی زۆری پێویستە، ئەمەش بە خاڵێكی لاوازی ڕۆژنامە دادەنرێت،.بەهۆی ئەوەی ڕۆژنامەكان، زانیاریەكان فراوان و هەمەجۆرو فرەچەشننو بە تایبەتی بۆ ئەو توێژەرە، مێژوویانەی كە توێژینەوە دەربارەی بابەتێكی گشتی ئەنجام دەدەن[22]. هەروەها لەخۆگرتنی بابەتی لاوەكی وناپێویست، لە زۆربەی ڕۆژنامەكاندا رەنگیداوەتەوە. بۆنمونەباسكردنی هەواڵە لاوەكیەكانی حیزبەكان و فەرامۆشكردنی بابەتی هەستیار وجێگەی بایەخ، لەكاتی دەرچونی ڒۆژنامەكە،كە لە سەنگی ڕۆژنامە، كەمدەكاتەوەو توێژەری مێژوویی ماندودەكات[23].

## باسی دووەم-لایەنە پۆزەتیڤەكانی ڕۆژنامە، لە توێژینەوە مێژوویەكاندا:

دەربارەی خاڵە پۆزەتیڤەكانی ڕۆژنامە،كاریگەریگەربونی ڕۆژنامە، لەسەر ڕای گشتی وكۆمەڵگە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی ڕۆژنامە، لەگەڵ تاكەكانی كۆمەڵگە،بەیەكێك لە گرنگترین خاڵە پۆزەتیڤەكانی ڕۆژنامە دادەنریت.چونكە ڕۆژنامە ،كاریگەریەكی گەورەی لەسەر ڕای گشتی و كۆمەڵگە هە یە، وە ڕۆڵێكی گرنگ، دەگێریت، لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، كە ئەو ڕۆلە، تەنها گرنگ نیە بۆ توێژەری مێژوویی،بەڵكو بایەخی هەیە ،بۆ كۆی كایەكانی تری ژیان. هەروەها ڕۆژنامە نەك تەنها وەك یەكێك لە سەرچاوەكان، بۆ توێژەری مێژویی هەژماردەكرێت،بەلكو زۆرجار ڕۆژنامە دەبێتە تەنها سەرچاوە بۆ توێژەران، كە لەوكاتەدا هیچ سەرچاوەیەكی تر، ئەو ڕۆڵە ناگێرێت. بۆنمونە لەكاتی ڕودانی، دیاردەسروشتیەكانی وەكوبومەلەرزەو لافاو دیارەدەسرەشتیەكانی تر، بە تایبەتی لە ئەمریكا.هەروەكو (فیما) ئامارەی پێداوە، كە ڕۆژنامە تاكە سەرچاوەی مێژووی یە، لە باسكردنی روداوە سروشتیەكان[24] .

هەروەها ڕۆژنامە پەیوەندیەكی زۆر بەهیزی لەگەڵ كۆمەڵگە هەیە،بە بەراورد لەگەڵ پەرتوك و سەرچاوەكانی تر،چونكە خەلكە جیاوازەكانی كۆمەڵگە، دە توانن پەیوەندی و ئاڵوگۆری بیروراپان هە بیت لە ڕۆژنامەدا،زیارت لەوەش، ڕۆژنامە تەنها سەرچاوەیە، كە زۆرینەی چین و توێژەكانی كۆمەڵگە دەتوانن بەدەستی بهێنن.هەروەك (خەلكی دەولەمەند-چینی ناوەندو هەژارەكانیش)، دەتوانن چنگیان

[21] Kevin, Williams,previous source,pp١٨-٢٠.

[22] Louise Secker, Jane,previous source,p١٧٥.

[23] نەوزاد عەلی ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٢٣.

[24] http://dlxs.richmond.edu/d/ddr/docs/papers/usesofnewspapers , University of *Richmond* accessed ٠٣/٠١/٢٠١٣.

بکـــەوێت[٢٥].هەرلەبەرئـــەو هۆکارەشـــە،(دانیال بۆرســـتین) دەڵێت"هەرکەســـێك بیـــەوێت شـــارەزایی پەیـــدابکات، دەربـــارەی بۆچـــونی گشـــتی خـــەڵکی لـــە ســـەردەمێکی دیـــاریکراو، بـــۆ بابەتێك،ئـــەوادەبێت ڕۆژنامەی ئەو سەردەمە بخوێنێتەوە"[٢٦].

وەرگرتنـــی زانیـــاری بـــە شـــێوەیەکی راســـتەوخۆ، تایبەتمەندیـــەکی تـــری ڕۆژنامەیـــە. کـــە توانـــای لێکدانـــەوەی، ڕوداوەکـــانی هـــە یە،لـــە شـــوێنی ڕودانـــی ڕوداوەکە.بۆنمونـــە لـــەکاتی جەنگەکانـــدا،کاتێك چـــاوپێکەوتن دەکـــات، لەگـــەڵ بەربرســـانی جەنگـــەگان و زانینـــی هەڵوێســـت و تێروانینیان،لەگـــەڵ بڵاوکردنـــەوەی نەخشـــەو بەڵگەنامە،کـــە یارمـــەتی خـــەڵك دەدات بـــۆ تێگەیشـــتن لـــە ڕوداوەکـــان[٢٧]. لەبەرئـــەوەی ڕۆژنامەنوســـان ،زۆرجـــار دەبنـــە شـــایەتحاڵی ڕوداوەکـــان و راســـتەوخۆ ڕوداوەکـــان رومـــاڵ دەکەن،بـــە تایبـــەت لـــە کـــاتی جەنگەکاندا،کـــە نوســـەری(کتێب)، ئـــەو دەرفەتـــەی بـــۆ نارەخســـێت، بۆیـــە بایەخی ڕۆژنامە وەکو سەرچاوەیەکی ڕەسەنی مێژوویی، تا رۆژگاری ئەمرۆش دەبینرێت.

بایـــەخی ڕۆژنامـــە ،بـــۆ لیکۆلینەوە،لـــە مێـــژووی پارتـــە سیاســـیەکان، بـــەخالێکی تـــری گرنگـــی ڕۆژنامـــەکان دادەنرێـــت، کـــە ڕۆژنامـــەکان دەتـــوانن، ببنـــە سەرچـــاوەیەکی بـــەنرخ، بـــۆ لێکـــۆەرەوانی مێژوو،بەتایبـــەت بـــۆ ئەوانـــەی لەمێـــژووی پارتـــە سیاســـیەکان دەکۆلنەوە،چـــونکە زۆرینـــەی پارتـــە سیاســـەکان ئامـــانج و بـــیرواو پرۆگـــرام و مانیفێســـتەکانیان، لـــە ڕۆژنامـــەکانیان بڵاودەکەنەوە.بۆنمونـــە لـــە دەســـتپێکی جـــەنگی یەکـــەمی جیهـــانی، لـــە ئەوروپا،نزیکـــەی هـــەموو پارتـــە سیاســـیەکان،بیروڕاو هەڵویســـتەکانیان دەربـــارەی پرســـە سیاســـی و کۆمەڵایەتی یەکان،لە رۆژنامەکانیان بڵاودەکردەوە[٢٨].

هەرچـــەندە هـــەبونی ڕیکلامـــە بازرگانیـــەکان، لـــە لایـــەن بەشـــێك لـــە مێژوونوســـانەوە ،وەکـــو لایـــەنێکی نـــــەرێنی بـــــۆ ڕوژنامـــــە هـــــەژمارکراوە. بـــــەڵام هـــــە بـــــونی پڕوپاگەنـــــدەکانی بازرگـــــانی، لـــــە ڕۆژنامەکاندا،بایـــەخێکی گرنگـــی هەیـــە، بـــۆ تێگەیشـــتن لـــە ژیـــانی ئـــابوری ومێـــژووی ئـــابوری، چـــونکە بـــەهۆی ڕیکلامەکانـــەوە، توێـــژەرانی مێـــژوو،زانیاری بـــەنرخ ،دەربارەی(بازرگـــانی-نرخـــەکان-ژیـــانی ئـــابوری) لـــە ســـەردەمەکە بەدەســـت دەهێـــنن. بۆنمونەیـــەکێك لـــە میژوونوســـان، رۆژنامـــەی نیـــۆرك ســـیتی بـــەکارهێناوە، بـــۆ هەڵســـەنگاندنی کرێـــی خـــانوو، لـــە شـــاری نیـــۆرك وە لەگـــەڵ بەســـتنەوەی بـــە تێچـــونی ژیـــانی ڕۆژانـــەو بازرگـــانی لـــە ڕابـــردودا. هەروەك(ڕۆبـــەرتۆ مـــارگۆ)پێی وایە،کـــە ڕۆژنامـــە، سەرچـــاوەیەکی

[٢٥] Aled Powers, Jones.Power of the Press*: Newspapers power and the public nineteenth century England* .Engalnd,١٩٩٦,p٤٩. .

[٢٦] Aled Powers, Jones,[revious source,٤٩.

[٢٧] دورالاعلام الفردی واثرة فی دعم الامن الوطنی للدولة،المقاتل،١٢-٣-٢٠١٧، .http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Fenon-Elam/Elamharby/sec١٩.doc_cvt.htm

[٢٨] Jeffery,Verhey. *The spirit* ١٩١٤*: Militarism, Myth and mobilization of Germany*.Cambridge University Press, ٢٠٠٠,p١٧.

دەوڵەمەنــدە، بۆبەدەســتهێنانی بنچــینەی ئامارەکــانی مێــژووی ئــابوری، بــە تایبــەت لــە گــۆڕانی نرخــی بەرهەمەکان و نرخی شوێنی نیشتەجێبون[29].

هەرچــەندە لــە باســی یەکەمــدا لــە ئامــاژە بەوەکرابو،کــە بــەکارهێنانی ڕۆژنامــە ،بــە بــەراورد لــە گەڵ‌سەرچــاوەکانی تر،ئــالۆزی و ســەختی زۆر توشــی توێــژەران دەکــات، بــەڵام لــە بــەکارهێنانی ڕۆژنامــەدا چــەندین ئاســانکاریش بــونی هەیــە، بەبــەراورد لەگــەڵ سەرچــاوەکانی تــر. هەروەك.لــەم ســاڵانەی دوایــدا بەشــێك لــە ڕۆژنامــەکان ،بــە شــێوەیەکی دیجیتــاڵی وکــۆکراوەیی، خراونەتەتوێــژەرانی مێژوو.بۆنمونە،ویبسـایتی (کتێبخانــەی کــۆنگرێس) ،کــە لــە ڕیگەیەوە،مێژوونوســان دەتــوانن بگــەن بــە هەزاران بابەتی مێژوویی ،کە بە پێی ڕۆژەکانی ساڵ ڕیزبەندی کراون[30].

لــە کۆتایــدا هــەبونی هەنــدێك زانیــاری دەگمــەن و تایبەتمەنــد، لــە ڕۆژنامــەو نــەبونی لــە سەرچــاوەکانی تر،وادەکــات کــە ڕۆژنامــە ببێتــە تاکــە سەرچــاوەی زانیــاری. هەروەك،نامــەی ســەربازەکان لــە کــاتی جەنگەکانــدا، کــە بــە لــە یــەکێکی لــە بــە نــرخترین زانیاریــەکانی ڕۆژنامــە دادەنرێــت .بۆنمونەلــە ڕابــردودا، زۆرجــار لــە کــاتی جەنگەکاندا،ســەربازەکان نامــەیان بۆهاوســەر،خێــزا یــان هاوڕیکانیــان دەنــارد، لــە بــەرەکانی جەنگــەوەو لــە ڕۆژنامەکانــدا بلاوەدەکرانــەوە. لێــرەدا ڕۆژنامــە دەبێتــە سەرچــاوەیکەی ئێجگــار بــەنرخ ،کــە زانیــاری دەگمــەن،دەربارەی ڕوداوەکــانی جەنگــەکان لــە خۆدەگرێت.بەتایبــەت لــە جــەنگی یەکــەمی جیهانیــدا،کاتێك ســەربازە ئەڵمانیەکان،نامــەکانیان کــە بــۆ کەســوکاریان ناردبوو،لــە ڕۆژنامــەکانی ئەڵمانیا بلاوەدەکرانەوە،زانیاریەکی زۆریان دەربارەی جەنگ و پرۆسە سەربازیەکان لە خۆگرتبوو[31].

ماوەتــەوە بڵــێین،دوای بــەراوردکردنی هەردولایەنــە پــۆزەتیڤ و نێگەتیڤــەکانی ڕۆژنامە،بۆچــونی ســێ یــەم هەیە،کــە تاڕادەیــەك بۆچــونێکی هاوســەنگ وزانســتی یە،ئــەویش ئەوەیــە دەکرێت،توێــژەرانی مێــژوو لــە توێژینــەوەکانیان، ڕۆژنامــە وەکــو سەرچــاوەیەکی بنــەڕەتی بەکاربهێنن،بــە مــەرجێك خۆیــان بــەدوربگرن لــە هەڵــە و خەوشــەکانی ڕۆژنامــەو بــە وریــایی وهەســتیاری یــەوە، مامەڵــە لەگــەڵ ئەوپرســە بکــەن. بۆنمونــە دەربــارەی متمانــەپێکراوی ڕۆژنامــە، وەکــو سەرچــاوەیەکی مێژوویی،هەنــدێك مێــژوونوس پێیــان وایــە،دەکرێت بەشــێك لــە ڕۆژنامــەکان، ببنــە سەرچــاوەیکی متمانــەپێکراو بــۆ لیکۆلینەوە،ئەوبۆچــونە دەیــەوێت، هاوســەنگی دروســت بکات،لــە نێــوان ئایــدیای قبــوڵکردن و قبوڵنــەکردنی ڕۆژنامــە، وەکــو سەرچــاوەیکی میژوویی.بــە مــەرجێك توێــژەری مێــژویی بــەئاگابێت لەبەکارهێنانیان.هــەروەکو(ولیام تافت)،کــە یەکێکــە لەومێژوونوســانەی، کــە بۆچــونی وایــە دەکرێــت

[29] Kevin, Williams,previous source,pp١٧-١٨.

[30] Library of Congress . http://blogs.loc.gov/teachers/٢٠١١/٠٩/finding-treasures-in-an-archive-of-historical-newspapers-chronicling-america/, accessed ٠٧/٠١/٢٠١٣ .

[31] World history sources website. http://chnm.gmu.edu/worldhistorysources/unpacking/newsguide.pdf, accessed ٢٩/١٢/٢٠١٢ .

ڕۆژنامــــــه ،وەکـــــو سەرچـــــاوەیەکی مێــــــژوویی، ســــــودی لێوەربگێریــــــت ،لــــــه لێکۆڵینــــــەوە مێژوویەکاندا،بەمەرجێك به وریایی وبەریرسیاریەتی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت[٣٢].

هــەروەها ئــەو بــڕوای وایــه، توێــژەران دەتــوانن لــه متمانــەپێکراوی ڕۆژنامــەکان ئاگاداربن،کاتێــك لــه گەڵ سەرچاوەکانی تر،تێکەل بکرێن و بەراوردبکرێن[٣٣].

## ئه نجام:

لەئەنجامی ئەم توێژینەوەدا، دەربارەی بەکارهێنانی ڕۆژنامه، وەکو سەرچاوەیەکی مێژویی و هەڵسەنگاندنی لایەنه ئەرێنی و نەرێنیەکانی ڕۆژنامه،گەیشتینه ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١-بەکارهێنانی ڕۆژنامه ،له لێکۆلینەوە مێژوویەکاندا، کۆمەڵێك خاڵی لاوازو نێگەتیفی هەیه، که دەبێته هۆی لاوازی ئاستی کوالێتی توێژینەوە مێژوویەکان.

٢-هه بونی سانسۆرو سنوداریەتی لەسەر رۆژنامه ،له لایەن دە سەڵات و خاوەن ڕۆژنامەکه، وادەکات رۆژنامه نەتوانێت به ئازادی راستیه مێژوویەکان دەربخا.

٣-له لایەکی ترەوە، هه بونی پڕوپاگەندەو زانیاری ناراست، ڕاستگۆیی نوسینەکانی ڕۆژنامه دەخاتەژێر پرسیارەوە.

٤- لایەنگری ڕۆژنامەکان، بەتایبەتی لەکاتی جەنگەکاندا،وادەکات، که ڕۆژنامەکان جێگەی متمانەنەبن، لەلایەن توێژەرانەوە.

٥- بەشێك له مێژوونوسان توانیویانه، چەندین خاڵی پۆزەتیف، له بەکارهێنانی ڕۆژنامه دەربخەن،بەتایبەت ئەو توێژەرانەی ،کەتوێژینەوە دەکەن ،دەربارەی مێژووی پارته سیاسیەکان.

٦-ڕۆژنامه کۆمەلێك زانیاری بەنرخی لەخۆگرتووە، له بواری ئابوریدا، که له سەرچاوەکانی تر، کەمتر ئەوزانیاریانه بەرچاودەکەوێت، بەتایبەتی باسی دۆخی ئابوری وڵاتان،ریکلامی بازرگانی، کڕین و فرۆشتن...

٧- بەو پێ یەی ڕۆژنامه، پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ کۆمەڵگەو ڕای گشتیدا هەیه، زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگه بەشدارن تیایدا، بۆیه زانیاری بەنرخی دەربارەی کایەکانی کۆمەڵگه له خۆگرتووە.

٨- له کۆتاییدا ڕۆژنامه زانیاری گرنگی لەخۆگرتوە، دەربارەی (سەرکردە سیاسیەکان-بەرنامەی حیزبەکان-شەرو ململانێ یەکان)، بۆئەوەی مێژوونوسان،له کرنگی زانیاریەکانی ڕۆژنامه بەهرەمەندبن و له دەستیان نەچێت،ناچارن پشت، به بەکارهێنانی ڕۆژنامه ببەستن.

---

[٣٢] University of *Richmond* , http://dlxs.richmond.edu/d/ddr/docs/papers/usesofnewspapers . accessed ٠٣/٠١/٢٠١٣.

[٣٣] Jeffery,Verhey,pp١٥-١٦.

## سەرچاوەکان


### سەرچاوە بنەڕەتیەکان:

Aled Powers, Jones.Power of the Press*: Newspapers power and the public nineteenth century England* .England, ١٩٩٦.

Cape, Jonathan. Tell me no lies: investigative journalism and its triumphs ,edited. John Pilger .London , ٢٠٠٤.

Jeffery,Verhey. *The spirit* ١٩١٤*: Militarism, Myth and mobilization of Germany*.Cambridge University Press, ٢٠٠٠.

### سەرچاوە یارمەتیدەرەکان:

### یەکەم:بە زمانی ئینگلیزی

Kevin, Williams, *Read All about it: A history of British Newspaper*. London, ٢٠١٠.

Louise Secker, Jane. *'Newspapers and historical research: a study of historians and custodians in Wales'* Unpublished PhD thesis, University of Wales(١٩٩٩).http://cadair.aber.ac.uk/dspace/handle/٢١٦٠/٢٥٣٤?show=full.٠٩/٠١/٢٠١٣.

Gorman ,Lyn, and Mclean ,David. *Media and Society in the Twentieth century (A historical introduction).*United States , ٢٠٠٣.

Lacey, Coin and Longman, David . *The Press as Public educator of understanding cultures of ignorance*. Luton, ١٩٩٧ .

Reah , Danuta .*The Language of Newspaper*. London ,١٩٩٨ .

Richardson, John E. *Analysing newspapers: An approach from critical discourse analysis*. New York , ٢٠٠٧.

Seymour ,Coin.The Political impact of mass media.London,١٩٧٤.

Stewart, Ian and Caruthers and Susan L. War, culture, and the media : representations of the military in ٢٠th century Britain. Fairleigh Dickinson University Press, ١٩٩٦ .

Welch, David.Germany propaganda and total war ١٩١٤-١٩١٨.London,٢٠٠٠.

دووەم: بە زمانی کوردی

نەوزاد عەلی ئەحمەد، رۆژنامەو جەنگ:،سلیمانی ،بی ناوی چاپخانە،٢٠٠٣.

سێ یەم-پێگە ئەلیکترۆنیەکان بەزمانی ئینگلیزی:

American studies of the university of Virginia. http://xroads.virginia.edu/~class/am٤٨٥_٩٨/lane/media/news.htm, ٠٥/٠١/٢٠١٣ .

Cardif university website. http://www.cardiff.ac.uk/share/currentstudents/history/postgradmodules/module-HST٨١٥.html,٠٨/٠١/٢٠١٣.

History world war one. http://web.viu.ca/davies/H٤٨٢.WWI/SoldiersNewspapers.pdf , ,١٠/٠١/٢٠١٣ .

Library of Congress . http://blogs.loc.gov/teachers/٢٠١١/٠٩/finding-treasures-in-an-archive-of-historical-newspapers-chronicling-america/, ٠٧/٠١/٢٠١٣ .

University of *Richmond*. http://dlxs.richmond.edu/d/ddr/docs/papers/usesofnewspapers, ٠٣/٠١/٢٠١٣.

World history sources website, http://chnm.gmu.edu/worldhistorysources/unpacking/newsguide.pdf, ٢٩/١٢/٢٠١٢ .

**چوارەم-سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان بەزمانی عەرەبی**

الصحافة أول مسودة للتاريخ،موقع جراسا،١-٤-٢٠١٧، .http://www.gerasanews.com/print/١٢٩٥٦٤

الصحافة في الحروب، موقع المختارى،٢٠-٣-٢٠١٧ ، .http://mokhtari.over-blog.org/article-٤٢٣٣٥٠٠٧.html

دورالاعلام الفردى واثرة فى دعم الامن الوطنى للدولة،موقع المقاتل،١٢-٣-٢٠١٧، http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Fenon-Elam/Elamharby/sec١٩.doc_cvt.htm.

حسين مجزوبي، الصحافة والتأريخ، الف بوست،٢١-٣-٢٠١٧,www.Allfpost.com.

محمد جمعة عبدالهادي موسى،الصحافة مصدر من مصادر دراسة التاريخ،الجزيرة،١٢-٢-٢٠١٧، . http://www.al-jazirah.com/٢٠١٥/٢٠١٥١٠٠٤/ar١.htm

## خلاصة البحث:

***استخدام الجرائد فى البحث العلمى كمصدر تاريخى"قراة مقارنة حول مافيها من النقاط الضعف والقوة"***

فـى هـذة السـنوات الاخـيرة اصـبح اسـتخدام الجرائـد، فـى مجـال البحـث التاريخى،موضـع نقـاش حـاد، بـين المويـدين لاسـتخدامها والمعارضـين.بعض مـن المـورخين يويـدون الاعتمـاد علـى الجرائـد فـى الـبحض التـاريخى خصوصـا اذا صـدرت، الجريـدة فـى تلـك اللحضـة التى،وقعـت فيهـا المعـارك والحـروب، ةسـجلت الاحـداث فـى وقتهـا.وبعض اّخر،لايـرون ذالـك ولا يومنـون باالاسـتخدام الجرائـد فـى ذالـك المجـال،لانهم يـرون فـى اسـتخدامها ةاالستدوا،الى مجموعة من الادلة،لتقوية وتغضيد اّرائهم.

واهميـة هـذا البحـث يكمـن فـى اتزانـة العلمـى الـذى،ذكر ادلـة الطـرفين الويـدين والمعرضـين لاسـتخدام الجريـدة فى البحث التاريخى.

وهـذا البحـث انقسـم الى قسمين،القسـم الاول منـة:ذكر فيهـا ،نقط الضـعف لالاسـتخدام الجريـدة كمصـدر لبلبحـث التاريخى.امـا القسـم الثـانى منة:تحـدثنا فيـة،عن نقـاط القـوة لاسـخدام الجريدة،كمصـدر اساسـى للبحـث التاريخى.

وفـى النهاية،توصـل الباحـث،الى مجموعـة مـن النتائج،مسـتندا الى مجموعـة مـن المصـادر والمراجـع بلغـات المختلفة.

# Abstract

## Using Newspaper as a Historical Source

"A comparative study Regarding Strengths and Weaknesses in using newspapers as a historical source" .

In the last few years Newspaper has become one of the most significant topics for negotiation among historians and researchers regarding utilizing it as a historical source, particularly in war time. From that point, some historians believe that newspaper is one the crucial and essential source that historian and researchers can use it in their research. On the other hand, others disagree with this idea and they stated that newspapers contains many drawbacks and can reduce the strength of historical studies. Both of these arguments has supported by different point of view and examples.

The importance of this paper is it demonstrates both positive and negative points of newspaper and compares different opinion among historians.

The paper is divided into two sections.The first section dedicated to drawbacks of newspaper as a historical source and mention some examples. While, the second section is discussing the advantages of using newspaper as a historical source and this idea is supported by providing different argument and examples. Finally,the study is concluded with some results and sources in different languages.